# ڕۆنانی فریزی دیارخەریی DP و خستنەپاڵیی IZP لە زمانی کوردیدا (کوردی ناوەڕاست) (لە ڕوانگەی پرۆگرامی کەمینەوە)

**عومەر ئەحمەد عەزیز**


بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان تەواوکەر و درێژەپێدەری یەکترن و لە ناویاندا چەندین تیور و گریمانەی جیاواز خراونەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت بەپێی ئەو گریمانە جیاوازانە ڕۆنانی فریزی دیارخەریی بەپێی قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بخاتەڕوو تا کۆتا قۆناغی ڕێزمانەکە، کە پرۆگرامی کەمینەیە، لە پرۆگرامی کەمینەدا هەموو سیمایەك دەبێتە سەری فریزێك بۆیە فریزی دیارخەریی و خستنەپاڵیی لەیەکجیادەبنەوە، چونکە سیماڕێزمانییەکانیان جیاوازە لەیەکتر، ویستومانە ئەو گریمانانەی نێو پرۆگرامەکە لە زمانی کوردیدا تاقیبکەینەوە، لە توێژینەوەکەدا ڕۆنانی هەر دوو فریز و پاساودانی سەر و تەواوکەرەکانیان و ئەو جوڵانانەی لە ڕۆنانەکانیاندا ڕوودەدەن خراونەتەڕوو، توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و پێنج تەوەر پێکدێت لەگەڵ ئەنجام و سەرچاوەکان

**کلیلە وشەکان:** فریزی دیارخەریی/DP، فریزی خستنەپاڵیی/ IZP، پرۆگرامی کەمینە MP/، پاساودان Checking/ ، جوڵانMove/

## پێشەکی:

ڕیزی دیارخەریی چەشنێکی فریزی ئەرکییە/ functional phrase سەری فریزەکە دەبێت دیارخەرێک بێت/ Determiner، وەکو چۆن سەری فریزی ناوی ناوە و سەری فریزی کرداریی کردارە، پرۆژەی داڕشتنی فریزی دیارخەرییش دیارخەرێکە، ئەمە وەکو بنەما، بەڵام شوێنی هاتن بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت، هەر زمانێک پێڕەوی پارامێتەری تایبەت بەخۆی دەکات، لە زمانی کوردیدا ئارتیکڵەکانی ناو دەبنە سەری فریزی دیارخەریی، هەندێک وشەی نیشانەش هەر بە پرۆژەسازدەری سەری فریزی دیارخەریی دادەنێن. **( بڕوانە: سازان زاهیر:2019 :82)** لە تیوری بنەما و پارامێتەری (1981 چۆمسکی)دا، فریزی ناویی وەکو پرۆژەیەکی گەورە / max projection سەیردەکرا، کە سەری ئەو فریزە ناوێک بوو، لە فەرهەنگەوە بەپێی بنەمای پرۆژەسازدان و لەڕێگەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە/sub-categorization ناوەکان وەکو ڕەگەزێکی فەرهەنگیی دەبوونە سەری فریزێکی ناویی بەمجۆرە:





(1)

بۆیە لە(1ئ)

– ئ : هەندێک هاوڕێ لە هاوڕێکانم

لێرەدا سەری فریزە ناوییەکە، فریزێکی پێشناویی وەکو تەواوکەر وەردەگرت، بۆ ڕۆنانی پرۆژەی ناوەند/ intermediate projection و ناوەکە خۆی سەری پرۆژە گەورەکەی دەگرت بڕوانە:

**(mortine coene: 2003:2)**




( 2)

سەری فریزی ناوی هەندێک جار لە پێشەوە دیاریکەرێکی وەردەگرت و تەواوکەرێکیشی لە دواوە وەردەگرت، بەمجۆرە چەندین کەرەستە لە ڕۆنانی فریزی ناویی وەکو دیاریکەر/ spec دەستنیشانکراوبوون، هەروەها ئارتیکڵەکانی ناساندن و نەناسراویی وەکو دیاریکەری پێشەوە وەردەگرت، لەو کەرەستانەش وەکو ( ئامرازی پرس، ئامرازی دەرهاویشتن، ئامرازی نیشانە، ژمارە، ڕادە، ئاوەڵناو، بریناو، ئاوەڵکردار، ناو...تاد) لە دواوەش چەندین کەرەستەی وەکو ( جێناو، فریزی پێشناویی، نازناو، (وشەکانی وەکو: کە، دیکە، وەها) ، ...تاد ) وەردەگرت **( بڕوانە:ئومێد بەرزان:2010 :20-30)**

بۆ نمونە لە (2 ئ ، ب)

- ئ : the police of the city

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 2(2024) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n2y2024.pp7-14

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 كانون الثاني 2024؛ قُبل في 14 شباط 2024؛ نُشرت في 15 نيسان 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : umer-ahmed@garmian.edu.krd

حقوق الطبع والنشر ©2024 عومەر ئەحمەد عەزیز. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

– ب : دوو خوێندکار لە خوێندکارەکان

وەکو دەردەکەوێت بیرۆکەکە لەسەر بنەمای ئەوە داڕێژرابوو، کە ئایا ناوەکان پرۆژەسازدەرن/ projection، یان دەبنە سەری فرێزەکان، یان دیارخەرەکان دەبنە پرۆژەسازدەر و سەری پرۆژە گەورەکان، سەرەتا ناوەکان دەبوونە سەر و لە شێوەی N، بەڵام لە قۆناغەکان دواتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان، هەندێک زمانەوان وەکو (Brame:1982:321)پێشنیازی ئەوەیان کرد، کە دیارخەرەکان دەبنە سەری فرێزەناوییەکان، واتە دیارخەر دەبێتە هەڵبژێرەر/selector و دەبێتە پرۆژەسازدەر و بەپێی سیماڕێزمانییەکانی خۆی تەواوکەرێک هەڵدەبژێرێت، بۆیە دەبێت پرۆژە گەورەکان بەناوی ئەوانەوە ناوبنرێن، واتە بە Dp نەک Np.

لە چوارچێوەی ڕێزمانی حوکومکردنوبەستنەوەدا/GB، چۆمسکی وەچە تیوری/-sub theory ی ئێکس- باری وەکو جێگرەوەی یاساکانی فرێزپێکهێنانی (1957) ی ڕێزمانی بەرهەمهێنان خستەڕوو، ئامانجی چۆمسکی ئەوە بوو، یەک ڕۆنان بۆ فرێزی هەموو زمانەکان هەبێت، بەبێ جیاوازی ئەوەی ڕۆنانی فرێزەکان چۆنن. لەم ڕێگەیەوە چۆمسکی هەنگاوی بەرەو ئەوەنا ڕێزمانەکە نزیک بکاتەوە لە ڕێزمانی گشتیی/ UG بۆیە لە X-bar ئەم ڕۆنانە پێشنیازکرا بۆ هەموو فرێزەکان:

Xp ⟶ spec $\bar{x}$

$\bar{x}$ ⟶ x com


**(پروانە: سەباح ڕەشید:2009 :33)**

لە سەرەتاکانی تیوری حوکمکردنوبەستنەوەدا NP هەر هەبوو، تا کارەکانی زمانەوان (Abney) بەهەمان شێوەی (Brame) سەری ئەرکی بەسەر دانا، بەمپێیە لە GB دا و بەتایبەتیش لە X - bar دا دوو جۆر سەری فرێز لەیەکجیاکرابوونەوە، کە ئەوانیش سەری ڕێزمانیی و سەری واتایین، دواتر پێشنیازکرا، هەرگیز سەری ڕێزمانیی نابێتە دیاریکەر بۆ هیچ فرێزێک، بەڵام سەرە واتاییەکان دەتوانن ببنە دیاریکەر، بۆیە لە ڕۆنانێک (ی، ئەم...ە، ئەو....ە، یێک، ەکە) هاتن، ئەوا دەبنە X و پرۆژەسازدەر و فرێزەکە بەناوی ئەوانەوە ناودەنرێت، بەمجۆرە:

لە (3 ئ ، ب)

– ئ : باوکی من

– ب : کەشی فێنک




(3)

هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئەو ڕایە نین، کە فرێزی ناویی نەماوە، بەڵکو هەندێکیان پێیان وایە دەرکەوتنی ناوەکان بە تەنها و لە چوارچێوەی بەشەکرداردا/ Predicate دەبنە فرێزی ناویی، بەڵام ئەگەر ئارتیکڵەکان هاتبن لەگەڵ ناوەکاندا ئەوا دەبنە فرێزی دیارخەریی.**( لەم بارەیەوە بڕوانە:jamal ouhalla 1991:170 )**

بە تێبینیکردنی ڕۆنانی فرێزە دیارخەرییەکان دوو جۆر هەن، ئەوانەی بەرهەمی ئارتیکڵەکانن، لەگەڵ ئەوانەی بەرهەمی مۆرفیمی خستنەسەری /ی،ە/ و وشەی نیشانەن، یەکەمیان ئارتیکڵەکانی ناساندن و نەناسراویی دەبنە سەری فرێزەکان وەکو سیمایەکی ڕێزمانیی، بەڵام دووەم جۆری فرێزی دیارخەریی بەرهەمی ئامرازە خستنەپاڵییەکانن، کە بەهۆی /ە، ی/ داڕێژراون، کە پێیان دەترێت فرێزی خستنەپاڵیی / Genitive کە دوو ناو یان ناو و ئاوەڵناوێک یان زیاتر دەخرێنە پاڵیەک و دەبنە فرێزێک ئەم فرێزە بەرهەمی ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییەیە، کە خستنەپاڵیەکییەکەی دروستکردووە.**( بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا:2010 :27)**

### 1. NP و گریمانەی DP

لە هەندێک لە کارەکانی ( (Brame1982) و (Abney1986 ) پێشنیازکرا، کە چیتر N نابێتە سەری پرۆژەیەکی گەورە، بەڵکو فرێزە ناوییەکان لەناو فرێزی دیارخەریدا دەشکێنەوە، بەو مانایەیD دەبێتە سەری ئەرکیی، ناوەکان تەنها دەبنە سەری فرێزە ناوییەکان لە ئاستی پرۆژە کۆتاییەکاندا/Terminal، چونکە ئەمانە سەری فەرهەنگین و ناتوانن بە تەنها دەربکەون، بەڵکو لەنێو فرێزە ئەرکییەکاندا دەرکەوتنیان دەبێ. **( بڕوانە: Marine coene:2003:2)**

لەوکاتەدا لەلایەن زمانەوانەکانەوە پرسیاری ئەوە بۆ ئەم بۆچوونەی (ئەبنێی و برەیم ) دروست بوو، کە ئایا فرێزە ناوییەکان چییان لێدێت؟ ئایا پرۆژەیەکمان دەمێنێت بەناوی NP ەوە؟ لەم ڕووەوە چەند بۆچوونێک هەبوو بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا لە کارەکانی ( سازان زاهیر2019) و ( عەبدولجەبار2009) پێشنیاز کرا، هیچ ناوێکی گشتیی توانای دەرکەوتنی سەربەخۆی نییە، بەڵکو دەبێت لە سینتاکسدا لە چوارچێوەی DP دا گۆبکرێن، بەوپێیەی ناوەکان، کە لە فەرهەنگەوە بەپێی چەند میکانیزمێکی وەکو دیاریکردن و پۆلەرەگەزدیاریکردن، لە ڕۆنانی قوڵەوە دێنە نێو پرۆژێەکی سینتاکسیی هەمان گۆکردنی فرێزی دیارخەرییان هەیە، ئەگەر بە تەنها بێن، دەبێت لەژێر چەند مەرجێکدا بێن لەوانە:

قورسایی واتاییان بخرێتە سەر و ڕاستی دەربڕ بن : ( بڕوانە 4ئ ، ب)

– ئ : زەوی خڕە.

– ب : هێز لە یەکگرتندایە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ناوی تایبەتییە، کە ئەوانیش لە فەرهەنگدا هەڵگری نیشانەی [+گشتیی]ن، کە دێنە سینتاکسەوە لەسەر بنەمای زانیاریە نازمانییەکانی /-non linguistics knowledge وەکو دەوروبەر و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر نیشانەی[ +تایبەتی ] یان پێدەدرێت، بۆیە ناوەکانی ( ئازاد و نەسرین) لە فەرهەنگدا گشتین، بەڵام لە سینتکسدا دەبنە تایبەتیی و ئارتیکڵەکان وەرناگرن، چونکە لە سینتاکسدا ڕێگە بە دوو جار ناسراوکردن نادرێت و لە سینتاکسدا ناوەکان لەنێو خۆیاندا نیشانەی /+ەکە/ یان تێدایە، لەم ڕووەوە دوو ئەگەر هەیە:

یەکەم: تەنها ناوە تایبەتییەکان وەکو سەری فرێزی ناوی بمێننەوە واتە:

N ⟶ N

دووەم: ناوەتایبەتییەکانیش ڕۆنانێکی لە شێوەی : D <del>N</del>⟵ یان هەیە.**( بڕوانە: سازان زاهیر:2019 :72-80) و ( عەبدولجەبار مستەفا: 15-14 :2009 )**

(5ئ ، ب ، پ )

- ئـ : ئاكار هات.
- بـ : پیاو بەهێزترە لە ڕوی جەستەییەوە.
- پـ : جوتیار زەوی دەکێڵێت.( قورسایی واتایی و هێز خستنەسەر)


کێشەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێکس-بار ڕێگە نادات فرێز لە تاکە وشەیەک پێکبێت، بەو پێیەی یەک ڕۆنان بۆ هەموو فرێزەکان پێشنیازکراوە، کە سەری پرۆژە گەورەکە دیاریکەر وەردەگرێت و سەری فرێزەکەش تەواوکەرێکی دەوێت، ئەمە وایکرد هیچ NP نەمێنێت و ببنە DP

### سەرەئەرکییەکان/ Functional head

لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا و لە سەرەتاکانی ڕۆنانسینتاکسییەکان/ Syntactic Structure و ڕێزمانی حوکمکردنوبەستنەوەدا، گرنگی بە سەرەلێکسیکییەکان/ Lexical head دەدرا، کە برتیبوون لە (A,N,P,V) بەڵگەکان لەو ڕووەوە ئەوە بوون، کەتیگۆرییە ئەرکییەکان/ Functional Category ناوەرۆکێکی پەسنکراویان نییە، تەنها کۆمەڵێک سیمای ڕێزمانین / Grammatical feature و ئاماژەن بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان/GR و ئەرکە ڕێزمانییەکان/ GF بەڵام لە کۆتاییەکانی GB و MPدا سەری ئەرکی دەبێتە پرۆژەسازدەر و سەری فرێزەکان بەناوی ئەوانەوە ناودەنرێت. لە MP دا هەر یەک لە سەرە ئەرکییەکانی وەکو(C, AGR, D, T) دەبنە سەری ڕێزمانیی فرێزەکان فرێزە لێکسییەکان دەبنە تۆدێک لە درەختی سەرە ئەرکییەکان و دەکەونە ڕکێفی ئەمانەوە، چونکە سەرە ئەرکییەکان خاوەن تایبەتمەندیی سینتاکسین، کە ئەویش پرۆژەسازدانە، ( لەبارەی تایبەتمەندی سەرە ئەرکییەکانەوە **(بڕوانە : تارا موحسین: 2011:119)** و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون وەکو **Abdurrahman: (2007:12)**

ئەم بیرۆکەیە لای ( چۆمسکی 1995 و پۆڵۆک1988) بەتەواوی چەسپا و سەرەئەرکییەکان بوون بەناونیشان/ label بۆ پرۆژەی فرێزەکان، فرێزە دیارخەرییەکان بوون بە بەرهەمی دیارخەرەکان، ناوەکانیان وەکو Spec وەردەگرت، بەپێی ئەو گریمانانەی لە MP دا خراونەتە ڕوو، وەکو گریمانەی ( ڕیزبونی لێکچوو/ LCA ی( 1993کاین) ، کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئەسیمەتریی و وەچەئاراستەکردن خرابووە ڕوو، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پەیوەندیی ڕۆنانی نێو فرێزەکان لە نواندنە سینتاکسیەکاندا، هەرچەندە لە MP دا ڕیزبوون گرنگ نییە، بەو واتایەی بەشێک نییە لە سیمای ڕەگەزەسینتاکسییەکان لە فەرهەنگەوە ئینکۆدکرابێت لەگەڵ پۆلەڕەگەزەکان و ئەرکە سینتاکسییەکانیاندا، لە فۆرمی لۆجیکیدا دیاری ناکرێت، بەڵکو لە PF دا لێکدەدرێتەوە، کە ڕەگەزەکان چۆن ڕیزدەبن، گریمانەکەی کاین تا ئاستی پرۆژەکۆتاکان/ Terminal projection دەڕوات و گرنکە بۆ پەیوەندیی ڕۆنانییەکان لە درەختەکەدا، پێشنیازی ڕیزبونێک کرا لە شێوەی ( دیاریکەر، سەر، تەواوکەر/SHC ) **(بڕوانە: rebwar sharif:2018:94)**با بڕوانییە نواندنی درەختیی(4) فرێزە دیارخەرییەکانی زمانی کوردیی لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە(6 ئـ ، بـ )


- ئـ : ماڵی ئێمە
- بـ : شاری کەلار. (لەبارەی گرنگیی سەری ئەرکیی لە MPدا **(بڕوانە:Rebwar sharif:2018:94 )**




(4)

### 3.سێ گریمانەی جیاواز


لە تیوری بنەما و پارامێتەرداP.P چۆمسکی ویستی زمانەکان بەرەو ڕێزمانی سەراپا ببات، بەڵام هێشتا پارامێتەرەکان زۆرن و هەر زمانێک پێڕەوی پارامێتەری جیاواز دەکەن، زمانی کوردیی وەکو لە توێژینەوەکاندا خراوەتەڕوو لەڕوی ڕیزبوونەوە بە زۆریی پێڕەوی پارامێتەر سەرکۆتا دەکات/head final، وەکو خستنەڕوو، گریمانەی ڕیزبوونی لێکچووی کاین سەری فرێزەکان دەخاتە نێوان( spec و comp ) بەمپێیە بێت لە نواندنی درەختیدا سەری فرێزی دیارخەریی لەگەڵ بەشی دووەمدا دەڕوات، کە تەواوکەرەکەیە، چونکە دیاریکەر ڕەگەزێکە لە درەختەکەدا هەمیشە پێش دەکەوێت/ precede و دەکەوێتە پەیوەندیی ئەسیمەتریی لەگەڵ نۆدەکانی دوای خۆیاندا بەمجۆرە:





(5)

خستنەڕووەکە بۆئەوە بوو شوێنی سەری فرێزەکان لە زمانی کوردیدا دیاریبکەین لەسەر بنەمای گریمانەی کاین.


لە نواندنی درەختیی دروسەی فرێزپێکهێنانەکاندا ئاماژە بە سەری فرێزی دیارخەری نەدەدرا هەندێک جار لە ناوەڕاستی درەختەکەدا بەخاڵ ئاماژەی بۆ دەکرا، ئەمەی خستنەڕوو بۆ ڕۆنانی ڕستە ئاڵۆز و لێکدراوەکانیش ڕاست بوون بەمجۆرە:




(6)




(7)




(8)

لەبارەی ئەو گریمانەیەی، کە سەری فریزەکانی لەگەڵ بەشی یەکەمی فریزەکاندا دادەنا، (**بڕوانە:عەبدولەبار مستەفا لە ڕۆنانی ڕستە لێکدراوەکاندا/ Conj.p و هەروەها لەبارەی گریمانەی دووەمەوە بڕوانە چۆمسکی 1958 و ئەو کارانەی بەوجۆرە کراون وەکو ( ئومێد بەرزانی 2010)**

- **ڕۆنانی DP لە MP**

ئەوەی خرایە ڕوو، ئەو بۆچوونانە بوون، لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا لەسەر فریزەناوی و دیارخەرییەکان پەیوەست بە زمانی کوردییەوە وترابوون ، لە پرۆگرامی کەمینەدا هەموو سیمایەکی ئەرکیی سەرێکی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، هەموو سیما ڕێزمانییەکانیش لە فۆرمی لۆجیکیدا لێکنەدراوەن، بۆیە بەپێی میکانیزمکانی پرۆگرامەکە ئەم سیمایانە لە فۆرمی دەنگیدا نابینرێن/ invisible لە ئاستی لۆجیکیدا شرۆڤەنەکراون، بەڵام لە فەرهەنگدا بە سیماکانیانەوە هەڵگیروان بەشێوەی ئەبستراکت، کاتێک لە ڕێگەی کردەی هەڵبژاردنەوە/ selectorهەڵدەبژێردرێن، کە کردەیەکی نێو ئامێری هەژمارکردنە/ numeration، پاشان لە ڕێگەی کردەی لێکدانەوە/ merge، کە بنەمای دارشتنی هەموو ڕۆنانێکی سینتاکسییە/SD لە پرۆگرامەکەدا و داڕێژراوەکان ڕۆدەنێت و لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا لێکدەدرێت ، پاشان بۆ ناوچەی سنورهاوبەش/ interface levelدەنێردرێت بۆئەوەی فۆرمی دەنگیی و لۆجیکیی بەیەک بگەن ، بەڵام بۆئەوەی درکپێراوەکە بەتەواوی و ببێتە داڕێژراوێکی سینتاکسیی پێکبکات / converge پێویستە سیماکان یان بەشێوەی ئاشکرا/overt، یان بەشێوەی شاراوە/ covert، پاساوبدرێن، بە پێچەوانەوەوە ئەو داڕێژراوە وردوخاش دەبێت/crash، سیمای بێهێز دەکرێت لە سینتاکسی شاراوە پاساوبدرێت، بەڵام سیما بەهێزەکان لە سینتاکسی ئاشکرا پاساودەدرێن. ( **بڕوانە:Ura:2000**)

میکانیزمە تیورییەکانی نێو پرۆگرامی کەمینە بۆئەوە خرایەڕوو بزانین DP لە پرۆگرامەکەدا چۆن دادەڕێژرێت، لە پرۆگرامی کەمینەدا هەموو سمایەکی ڕێزمانی سەرێکی ئەرکیی پێکدەهێنێت، بەمپێیە فریزەدیارخەرییەکان بەپێی سیمای سەرەکانیان بۆ دوو جۆر دابەشدەبن، یەکەمیان ئەوانەن لە ڕێگەی وشەی نیشانە و ئارتیکڵەکانی (ناساندن/Def و نەناسراویی / indef ) دروستبوون، دووەمیان ڕۆنانی ئەو فریزە دیارخەرییانەن، کە لە ڕێگەی خستنەپاڵیەکییەوە دروستبوون، ئەمانە ڕۆنانی خستنەپاڵیەکی/ Genitive یان پێدەوترێت، سەرە ئەرکییەکە هۆکارە بۆ ئەوەی دۆخی خاوەنداریی لەلایەن ناوی دووەمەوە بدرێت بە ناوی یەکەم ، کە ناوی یەکەم دەکات بە خاوەنی ناوی دووەم، هەروەها ڕۆنانی خستنەپاڵیەکی ڕوتیش هەیە، کە پەیوەندییەکەیان تەنها خستنەپاڵیەکییە نەک خاوەنداریی، ئەم دروستانە لە پرۆگرامی کەمینەدا بەناوی خۆیانەوە ناودەنرێت، کە خستنەپاڵیەکین واتە ئیزافە/ IZP ( **بڕوانە2018: rebwar sharif)**


بەمپێیە بێت ئارتیکڵەکان خاوەن سیمای [ DEF +inDef+] ئەمانە لایەنێکی ناوەکە دیاریدەکەن، لە خستنەپاڵیەکیدا/ IZP دوو جۆر خستنەپاڵیەکی هەن ئەوانەی، کە ڕۆنانەکەیان لەشێوەی Np+Ap ن ،لەگەڵ ئەوانەی NP+NP ن، بەپێی تیوری دۆخ لە حوکمکردنوبەستنەوەدا، خستنەپاڵیی یەکەمیان تەنها دۆخی خستنەپاڵییە، دووەمیان دۆخی خاوەندارێشیان تێدایە، **( لەبارەی جۆری خستنەپاڵیەکیدا بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا:2010: 45-32 )**

بەپێی ئەو خستنەڕووەی سەرەوە، بۆ زانینی چۆنێتی هاتنی یەکەیەکی فەرهەنگی بۆ نێو داڕێژراوێکی سینتاکسیی پێویستە ڕۆنانی IZP ڕونبکەینەوە، لە پرۆگرامی کەمینەدا جگە لە ڕۆنانی فریزەکان، هەموو داڕێژراوەکان پێویستیان بە پاساودان/ Checking هەیە، پاساودانیش لە ڕێگەی کردەی جوڵەوە/ Move ئەنجامدەدرێت، جوڵەش بریتییە لە جوڵانی ڕەگەزێکی سینتاکسی لە شوێنی بەرهەمهێنانی خۆیەوە بۆ شوێنی هاونیشانەبوون/ configuration، بۆئەوەی ئەو سیما پاساو نەدراوەی لە ڕەگەزێکدا هەیە بۆ ئەو شوێنە بڕوات ، کە هەمان سیمای تێدایە بۆئەوەی بەرانبەربکرێن، پاشان بسڕدرێنەوە، بەپێچەوانەوە داڕێژراوەکە وردوخاش/ Crush دەبێت.

لەبارەی جوڵەوە، پێویستە لە درەختەکەدا ئەو شوێنەی ڕەگەزی جوڵاوی بۆ دەچێت دیاریبکرێت، لەم ڕووەوە خستنەڕووەکان جیاوازن، بۆ نمونە ( چۆمسکی1995) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە لە فریزێکی وەکو لە (7 ئ ، ب)

- ئ : سێوی سەوز
- ب: Green apple


سەرەتا سێو لەگەڵ سەرێکی ئەرکیدا لێکدراوە، کە لە شێوەی کەرەستەیەکی بەتاڵدایە/null، پاشان سەرەئەرکییەکە لەگەڵ ئاوەڵناوێکدا لێکدراوە، بۆیە ڕۆنانی ئەو فریزە، بەمجۆرە پێشنیازدەکات:




(9)

**(بڕوانە: rbwar shafie: 2018:56)**

دوای ئەوە، سەری فریزە ئەرکییە بەتاڵەکە لە پەیوەندییەکی ئەسیمەتریدا لێکدەدرێت لەگەڵ سەری فریزی IZP، بەمجۆرە کردەی لێکدان تەواودەبێت:





(10)

ئەوەی ئێستا لەم نواندنەدا ماوە بریتییە لە پاساودانی سیماکان، پاساودانیش لەرێگەی جوڵەوە ئەنجامدەدرێت، بەپێی ڕۆنانی IZP لە مینیماڵدا وا دەردەکەوێ سەری ئەم فریزە خاوەن سیمای پرۆژەسازدانی فراوانکراو/ EPP بێت، بۆیە سەری فریزەکە داوادەکات ناوێک بەرز ببێتەوە بۆ شوێنی دیاریکاری سەرەکە/Spec-IZP

هەروەها سەری فریزەکەش، کە سەرێکی ئەرکییە پێویستە لە شوێنی خۆیەوە بەرز ببێتەوە بۆ شوێنی سەریIZP، کە ناوچەی پاساودان و هاونیشانەبوونی سەرە ئەرکییەکەیە/. local configuration

واتە فریزی ناوی سێو، لە شوێنی بەرهەمهێنانی خۆیەوە دەڕوات بۆ spec-IZP، لەبەر پاراستنی ریزبوونی زمانی کوردیی، هەروها بۆ بەجێگەیاندنی بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراو، هەروەها بۆئەوەی بچێتە spec-izp و بکەوێتە پەیوەندی وەچەئاراستەکردنی ئەسیمەتری لەگەڵ نۆدەکانی دوای خۆیدا، هەروەها پاساوی ئەو شوێنە بدات، کە دەبێت NP یەک بەرزببێتەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە هەمان سیمای NPەکانی هەیە، هێلکارییەکە پەیوەندییەکانی پاساودان دەردەخات:





(11)

**(بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو 56، هەروەها بڕوانە:Ibney 1987، هەروەها بڕوانە:بهنام مدرسی و نغمه ذوقی:1395: 207-222)**

ئەوەی گرنگە لە پرۆگرامی کەمینەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە حوکمکردن ئەو ڕۆڵەی جارانی نامێنێت، کە لە تیوری حوکمکردنوبەستنەوەدا هەیبوو، لەبری ئەوە چەمکی وەچەئاراستەکردنی ئەسیمەتری لەنێوان نۆدەکانی درەختەکەدا دروستدەبێت، بەڵام هەندێک سیمای ڕێزمانیی هەن، دەبنە سەری فرێز و شوێنی بەرز لە درەختەکەدا دەگرن و کۆی پرۆژەکە بەناوی ئەوانەوە ناودەنرێت، هەر بۆیە مەرج نییە هەمیشە DP لەناو IZP دا بێت، بەڵکو چەندین پێشنیازی جیاواز هەیە بۆ نواندنی ئەم دوو فرێزە، با بڕوانینە (8ئـ)


– ئـ : ئەو کوڕەی هاوڕێم




(12)

لەو نواندنی (12) ئەوەی دەرئەکەوێت ئەوەیە، سەرەتا فرێزێکی ناویی لەگەڵ سەری فرێزی ئیزافەدا لێکدراون، دواتر فرێزێک داڕێژراوە بەناوی IZP، پاشان np ڕۆشۆتە spec.IZP و لەگەڵ سەری IZP و spec-Dp سەری پرۆژەکە گەورکە Dیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات هەریەک لە DP و IZP خاوەن سیمای پرۆژەسازدانی فراوانکراون، چونکە داوادەکەن ناوێک بەرزببێتەوە بۆ شوێنی دیاریکاریان. لە ڕۆنانی فرێزەکاندا لە پرۆگرامی کەمینەدا هیچ بەربەستێک نامێنێت بۆ نواندنی فرێزەکان، بۆ نمونە دەشێت فرێزێکی تەواوکەریی ببێتە تەواوکەری فرێزی ئیزافە و دیارخەریی، با بڕوانینە(9 ئـ)

– ئـ : ئەو کچەی کە هاوڕێمە




(13)

دیارە سیمای ئەم دوو جۆرە فرێز بۆچونی جیاوازی لەسەرە، هەریەک لە (محمد مەعروف، سەباح ڕەشید) هەموو ئەو ڕۆنانانەی ئێمە بە IZP دامان ناون ئەوان هەر بە DP دای دەنێن، بەو پێیەی پێیان وایە /ە،ی/ هەمان سیای ڕێزمانیی/ەکە، ێک/ یان هەیە، لەکاتێکدا جگە لە ڕۆنان، واتایی ئەو ڕۆنانانەش جیاوازن لە یەکەمیاندا سیمای ڕێزمانی ناسراویی و نەناسراوی هەیە، لە دووەمیاندا سیمای خاوەنداریی هەیە و تەنانەت هەر دوو ڕۆنانەکە لەڕوی دۆخیشەوە جیاوازن وەکو وتمان فرێزی خستنەپاڵی

جۆری خاوەنداری دۆخی خاوەنداریی تێدایە، بەلام فریزی دیارخەریی تێیدا نییە.( **بڕوانە:شلێر نایف:2015: 186)**

- **سیمایAGR لە فریزی خستنەپاڵییەکیدا**

لە پرۆگرامی کەمینەدا ئەوەی گرنگە سیماڕێزمانییەکان/ Grammatical Feature بۆیە هەر سیمایەک هەبێت، دەبێتە پرۆژەیەک و نابێت لە نواندندا ئاماژەی بۆ نەکرێت، دەکرێت سیماڕێزمانییەکە ئەفیکس بێت، دەشێ لە شێوەی کەرەستەی بەتاڵدا بێت، یەکێک لەو سیمایانەی لە ڕۆنانی فریزە دیارخەریی و خستەپاڵییەکاندا هەیە، بریتییە لە ڕێککەوتن، واتە سیمای Agreement دیارە سیمای ڕێککەوتن تا ئێستا ئەوەی زانراوە دوو جۆری هەیە، سیمای ڕێککەوتنی بکەریی AGRS.p و سیمای ڕێککەوتنی بەرکاریی AGRO.p، بەڵام سیمای ڕێککەوتن پەیوەست نییە بە بکەر و بەرکارەوە، بەڵکو لە هەر پەیوەندییەکی ڕێزمانیدا ڕێککەوتن هەبێت دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، هەر بۆیە کاتێک دوو ناو، یان ناوێک و ئاوەڵناوێک لێکدەدرێت ڕێککەوتنێک لە شێوەی (کەس(ژمارە)، ڕەگەز، ژمارە، دۆخ.) دێتە کایەوە، لە هەندێک زمان و دیالێکتدا بە ئەفیکسێک ڕێککەوتنەکە جێگیر دەکرێت و لە هەندێکی تردا لەشێوەی کەرەستەی بەتاڵدیە، بەڵام ڕێککەوتنەکە هەر هەیە، بۆیە دەبێت نۆدێک دابنرێت بۆ ئاماژەدان بەو ڕێککەوتنە، لەم ڕووەوە لە نواندنی فریزە دیارخەریی و خستنەپاڵییەکاندا دەبێت ئاماژە بە گرێی ڕێککەوتن بکرێت، بۆئەوەی سیمای ڕێککەوتنی ئەو دوو ناوەی خراونەتە پاڵیەک نیشانبدرێت. هەرچەندە زمانی کوردیی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەزاری سلێمانیی بەشێوەی ئەفیکس ئەم ڕێککەوتنەی نییە، بەڵام وەکو سیمایەکی ڕێزمانیی بوونی هەیە، با بڕوانینە (10 ئ ، ب )

– ئ : سەدان ئۆتۆمبیلان

i i

**( هەندێک شێوەزاری ناوچەی ڕانییە و قەڵادزێ) هەروەها کرمانجی ژووروو و هەورامی) ( بڕوانە: rebwar shafie :2018: 74 )**

-ب : سەد ئۆتۆمبیل ( ڕێککەوتنەکە لە شێوەی ئەفیکس نەماوە)

شتێک خۆی یەک دانەی هەبێت، ناکرێت کۆ بکرێتەوە، واتە ڕێککەوتنەکە تەنها ئاستی سینتاکس نییە بەڵکو لە فۆرمی لۆجیکیشدا لێکدانەوە بۆ داڕێژراوەکان دەکرێت بەتایبەت سیماڕێزمانییەکانی وەکو ڕێککەوتن پێویستە لێکبدرێنەوە بەپێچەوانەوە داڕێژراوەکە پێکناگات و ناگاتە ناوچەی سنور هاوبش و وردوخاش دەبێت پێش ئەوەی بنێردرێت بۆ درکاندن بۆ نمونە(بڕوانە: 11 ئ، ب ، پ)

– ئ : باوکی من

– ب : *باوکەکانی من

– پ : ڕۆڵەکانی من.

دەکرێت شتێکی تاک خاوەنێکی کۆی هەبێت وەکو لە (12 ئ) دا دەردەکەوێت:

– ئ : خانوەکەی ئەوان.

هەروەها بەپێی تیوری دۆخ /ە،ی/هۆکاری دروستبوونی دۆخی خاوەندارییە، بۆیە ئەم ئەفێکسانە وادەکەن ناوێك دۆخی خاوەنداریی ببەخشێتە ناوەکەی پێش خۆی، بۆیە ڕێگە بە جوڵانی کەرەستەکان نادرێت بڕوانە: (13 ئ ، ب )

– ئ : دایکی من

– ب : منی دایک

بەدەر لەوەی ڕۆڵەکان گۆڕاون ئەم جوڵانە هەندێک جار ڕێگەی پێنادرێت وەکو لە (14ئ ، ب ) دەبینرێت:

– ئ : خانوی ئەوان

– ب : ئەوانی خانوو.( ڕێککەوتن نامێنێت)

ڕێککەوتن و ناسراویی [ DEF] و نەناسراوی[ InDef ] با بڕوانینە (15 ئ، ب ، پ، ت ،ج ، چ، ح )

– ئ : پشیلەی سپی ( دەربڕینێکی گشتییە، سیمای ، دوور و نزیک، تاک و کۆی تێدانییە)

i i

– ب : پشیلەیەکی سپی ( ڕێککەوتنەکە لە سیمای تاکێتیی و نەناسراویی) دایە.

i i

- پ : پشیلە سپییەکە ( ڕێککەوتنەکە، لە نێوان تاکێتیی و ناسراویی) دایە.

i i

-ت : پشیلە سپییەکان ( ڕێککەوتنەکە لەنێوان سیمای کۆیی، ناسراویی) دایە.

i i

- ج : * پشیلە سپیی ( ڕێککەوتن نییە، بۆیە داڕێژراوەکە سینتاکسیی) نییە

i j

- چ : * پشیلەکانی سپی ( ڕێککەوتن لە ژمارەدا) نییە


j i

- ح : *پشیلەیەکی سپییەکان ( ڕێککەوتنی ژمارە) نییە

j i


نمونەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ڕێککەوتن چەمکێکی گشتییە، پەیوەست نییە بەڕێککەوتنی کردار لەگەڵ بکەر و بەرکاردا، بۆیە لە ڕۆنانی فریزە دیارخەریی و خستنەپاڵییەکاندا پێویستە ئەو ڕەگەزانەی دەخرێنە پاڵیەک لەڕوی( کەس، ژمارە، دۆخ، ڕەگەز...تاد) ڕێکبکەون، ئەمەش وەکو سیمایەکی ڕێزمانی لە ڕۆنانی ئەم جۆرە فریزانە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت. با بڕوانیە نواندنی درەختی ئەم نمونەیە، کە پەیوەندییەکانی پاساودان و سیمای ڕێککەوتن پیشاندەدات لە ڕۆنانی فریزە خستنە پاڵییەکاندا: (16ئ)

– ئ : باوکی من




(14)


(لەم بارەیەوە بڕوانە: شلێر نایف: 2015: 186 و 2018: rebwar shaief: 85 و tayebeh: (1398) asadimofarah, ali darzi, :27)




(15)

لەو درەختەدا پاش جوڵانی هەر ڕەگەزێک شوێنەکەی دەسڕێتەوە، چونکە دوای پاساودان سیماکان دەبێت بسڕدرێنەوە نواندنی کۆتایی دوای سڕینەوە وەکو (15) ی لێدێت. یەکێک لە تایبەتییەکانی ڕۆنانی فرێزەکان بریتیین لەوەی دەکرێت بێکۆتا/ infinite فروانبکرێن، واتە فرێزێکی دیارخەریی دەشێ فراوانبکرێت تا ئەو کاتەی، کە ناپەسەند نەبێت لەڕوی زمانەوە، با بڕوانینە (17ئـ )

- ئـ : دوکانەکەی ئازادی هاوڕێم




(16)

(D(NP) IZ(IZ(NP) (IZNP)))

(ەکە(دوکان)ی(ئازادی هاوڕێم)))

ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە سەرەتا فرێزێکی دیارخەرییمان هەبووە، پاشان بە فرێزێکی خستنەپاڵیی فراوانکراوە، لەم بارەدا هەر سیمایەکی ڕێزمانی پێشبکەوێت، دەبێتە ناو بۆ پرۆژە گەورەکە، واتە IZP لە ناو DP دایە .

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ڕۆنانی فرێزە خستنەپاڵییەکاندا دوو جۆر جیادەکرێنەوە، ئەوانەی بە /ی/ دەخرێنەپاڵیەک دەکرێت تەواوکەرەکە NP، یان AP بێت، بەڵام ئەوانەی لەڕێگەی /ە/ خراونەتەپاڵیەک تەنها AP وەکو تەواوکەر وەردەگرن( 18 ئـ ، بـ ، پـ )

- ئـ :گوڵی جوان
- بـ : باوکی من
- پـ : گوڵە جوانەکە

هەروەها ڕۆنانی ئەم جورە فرێزانە دەتوانن فراوانبکرێن، بە زیاد لە تەواوکەرێک واتە زیاد لە ئاوەڵناوێک بەدوای یەکدا بێن بەمجۆرە: (19 ئـ)

- ئـ : گوڵە جوانە بۆنخۆشەکە


هەروەها دەتوانن ڕادە لە پێشەوەی ئاوەڵناوەکان وەربگرن بەمجۆرە (20 ئـ )

- ئـ : گوڵە زۆر جوانە بۆنخۆشەکە

هەندێک کەرەستەی تری وەکو ژمارە و ئامرازی دەرهاویشتن و ئامرازی نیشانە لە پێشەوەی ئەمجۆرە فرێزانە دێن بڕوانە: (21 ئـ ، بـ ،پـ )

- ئـ : دوو گوڵە جوانە بۆنخۆشەکە
- بـ : تەنها گوڵە جوانە بۆنخۆشەکە
- پـ : ئەم گوڵە جوانە بۆنخۆشە

بڕوانە هێڵکاریی ئەم جۆرە ڕۆنانانە :




(17)

## ئەنجامەکان

1- سەرەتا هەموو فرێزێکی دیارخەریی و خستنەپاڵیەکیی هەر بە فرێزی ناوی دادەنرا، پاشان گریمانی فرێزی دیارخەریی وای کرد زۆربەی فرێزە ناوییەکان بە دیارخەریی دابنرێن، پاشان لە پرۆگرامی کەمینەدا هەموو سیمایەك دەبووە سەری فرێزێك، هەر بۆیە ڕۆنانی فرێزی خستنەپاڵیی جیاکراوە لە فرێزی دیارخەریی.

2- ڕۆنانی فرێزی دیارخەریی لە زمانی کوردیدا جیادەبێتەوە بۆ فرێزی دیارخەریی و فرێزی خستنەپاڵیی، لە یەکەمیاندا ئارتیکڵەکان دەبنە سەرە و لە دووەمیاندا ئامرازی خستنەسەر دەبێتە سەر.

3- فرێزی خستنەپاڵیەکی سیمای ڕێککەوتنی تێدایە و دەبێت لە درەختی فرێزەکەدا ئاماژە بە گرێی ڕێککەوتن بکرێت، لە هەندێك زماندا ڕێککەوتنەکە لە شێوەی ئەفێکسدایە و لە هەندێکدا لەشێوەی کەرەستەی بەتاڵدایە.

4- مەرج نییە هەمیشە فریزی دیارخەری لەناو فریزی خستنەپاڵیدا بێت، بەڵکو بەپێی ڕۆنانەکان بە پێچەوانەشەوە دەشێت فریزی دیارخەری لە سەروی خستنەپاڵییەوە بێت.

5- کردەی پاساودان لە ڕێگەی جوڵەوە ئەنجام دەدرێت بۆیە پێویستە لە فریزە خستنەپاڵییەکاندا سەری ڕەگەزەکانی وەکو( سەر و دیاریکەرەکان) بەرزببنەوە بە مەبەستی چوونیان بۆ ناوچەی هاونیشانەبوون و پاساودان، پاشان سڕینەوەی سیماکان بۆئەوەی داڕێژراوەکە وردوخاش نەبێت.

## سەرچاوەکان


Brame, M.(1982)'the head-selector theory of lexical specifications and the nonexistence of coarse Categories'. *Linguistic Analysis* 10: 321–325

Ibney (1987) the English noun phrase in its essential Aspect, PhD Dissertaion, MIT.

Jamal ouhalla (1991) functional category and parametric variation.

mortine coene(2003) from np to dp the syntax and semantic of noun phrase, USA.

Rebwar Shafie (2018) The structure of DP in Central Kurdish , PhD, Newcastle University,

tayebeh asadimofarah, ali darzi, (1398) split Dp in Persian -a minimalist approach 100 شماره، 2 پژوهشهای زبانی

Hiroyuki URA (2000) checking theory and grammatical function universal grammar, oxford university press .

بهنام مدرسی و نغمه ذوقی(1395) بررسی گروه حرف تعریف در زبان فارسی بر پایه برنامه کمینەگرا، دوهنامه جستارهای زبانی، د7 ش3 (پیاپی 30)(ص207-222)

تارا موحسن (2011) ، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، (دکتۆرا)، سلێمانی

سەباح ڕەشید (2009) هەندێ لایەن لە GB لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

_____________ (2010)، تیوری پاساودان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیی، ژمارە(16)، هەولێر پەڕەی (100-135)

سازان زاهیر(2019) نواندنی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا،( دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی

شلێر نایف(2015) فریزێن ئەرکی د دیالێکتا کرمانجیا سەریدا (گوفەرا بەهدینی) (دکتۆرا) ، زانکۆی دهۆك.

عەبدولجەبار مستەفا(2009) ڕستەی ئاوێتە لە زمانی کوریدا(دکتۆرا) زانکۆی سلێمانی.

_____________ (2010) فریزی ناویی لە زمانی کوردیدا(ماجستێر) ، سلێمانی